# بارەگاکانی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان لەسەر سنووری ئێران بەیەکجاری چۆڵکران

لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەمنیی نێوان عێراق و ئێران ڕایگەیاند، کە بارەگاکانی حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕۆژهەڵات لەسەر سنوور بەیەکجاری چۆڵکراون.

لە بەیاننامەیەکدا، لیژنەی ناوبراو ئاشکرایکرد، کە بە پشتبەستن بە پابەندبوونی هەریەک لە عێراق و ئێران بە خاڵەکانی ناو ڕێککەوتنی ئەمنی و لە ڕێگەی هەوڵە هاوبەشەکانی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم و لیژنەی باڵای هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات، هەموو ئەو بارەگایانەی حیزبە ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێران بەیەکجاری چۆڵکراون، کە دەکەونە نزیك سنووری نێوان هەردوو وڵات لە هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوەشدا، ئەو هەزانەی ئۆپۆزسیۆن کە پێشتر لەو بارەگایانە جێگیربوون، گوازراونەتەوە بۆ شوێنکی دوور لە سنوور و لە چەکەکانیشیان داماڵراون، بۆ ئەوەی وەك پەنابەر بمێننەوە و لە شوێنی ئەوان هەزەکانی پاسەوانی سنوور لەو خاڵانە جێگیرکراون.

لە بەیاننامەکە ئۆش خراوتووە، کە نوێنەری ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەی کۆبوونەوەکانی لیژنەکەیە بوو، کە لە هەولێر و بەغدا بەڕێوەچوون و پاڵپشتی تەواوی بە حکومەتی عێراق لە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتنەکە دەربڕی، لەگەڵ ماماڵەکردن لەگەڵ ئەو گروپانە بۆ

مەرجەی پێگەیەکی مادەنییان هەبێت.